
هەژدە ساڵە
لەمبەر و ئەوبەری جادە
مێروولە ڕیزیان بەستووە و
کەوتوونەتە چەپڵە لێدان
بۆ ئەو کیسەڵە خێرایەی
هەژدە ساڵە بە ڕێوەیە و
لە ڕاپەڕینەوە پێیەو
بیدا بە خەڵکی کوردستان !!

شێرکۆ بێکەس:

# غەدری گەورە لە کوێ بێت شیعری منیش لەوێیە

سازدانی: یوسف لەتیف

ئەو کانییەی لە زنەیەوە بەردەوام شیعری روون و سازگار هەڵدەقوڵێ، چل ساڵ لەگەڵ بەیتە جوانەکانی، لەگەڵ داهێنان و رەنگاڵەیی باخچە بەپیت و بەرینەکەی، چل ساڵ وشەی ملوانکە و چڵە نێرگز و فیشەک و هەتاو و هەناسە بووە بۆ میللەتێک کە پێویستی پێ بووە ئەوەی شێرکۆ لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە. ئەو باڵادەستییەیە کە فراوانترین کێڵگەی شیعری هەیە و جیهانێکی رەنگاڵەیی جوانی چێ کردووە. ئەوەشە لەگەڵ هەر نەسیمێک هەر نامۆییەک هەر هاوار و هەناسەیەک تێکەڵی بۆی باخچەی شیعری شێرکۆ بووە و شیعر و سەردەم و حاڵەتەکە تەریب هاتوون. بۆیە تا نەهۆ نە ئەو رۆژانە تەواو دەبن و، نە شیعری " شێرکۆ بێ کەس" یش وشک دەکات. دووانەیەکی جوانن تێکەڵی یەکتر بوون و مەرگیش ناتوانێ لێکیان جیا بکاتەوە، چونکە حاجی وتەنی لە سایەی شیعرەکانییەوە وەجاخی روونە، شێرکۆ کورد نەبوایە کوڕی میللەتێکی خاوەن ئاڵا و سەربەخۆ بوایە، دەیان خەڵاتی جیهانی پێ دەبرا. بۆیە لێرەوە حەزمان کرد بۆ کۆوارەکەمان چەند پرسیارێکی لێ بکەین و بیکەینە میوان و خاوەن خوانی کۆوارەکەمان.

*** هەمـوو ژیانت شـیـعـر داگیـری کـردووە، هەموو بوونی کوردیشت کردووە بەشیعر. ئەو حاڵەتە ئیشراقییەی نێوان ژیانی شەخسیی خۆت و بوونی کورد چۆن لێک دەدەیتەوە، یان ئیـشـــراقی شــیــعـــری تۆ لە ژیانی شـەخـسـیـتـەوەیە، یان لە ژیانی کـۆمـەڵگەی کوردییەوە؟**

– راسـتـە شـیـعـر بووە بەچارەنووسم، یان بەپارچەیەک لە جگەرم. رەنگە هـەر مـردن لە یەکـتـرمـان جـویّ بکاتەوە. وەلیّ دوای مردنیش ئەو هەر نووساوە بە ناومەوە و تا هەتاهەتایە لێم نابێتـەوە، لەو وەختـەوە چاوم کردووەتەوە و زانیـومـە ئەو پیـــاوە "بێکەس"ە و باوکـــمـــە هەر لە زاری ئەویشـــەوە بۆ یەکـەمـجـار ناوی "کـورد"م بیـست وردە وردە ئەم "کـورد"ە لەگـەڵمـدا گـەورە بـوو. بوو بەسـروود، بەحـیکایەت و لە فـام کــردنەوەیشـــدا باشـــتـــر ناســیـم، چوومـــە نـاو دۆزەخی مێژووەکەیەوە. سووتام و هەڵقرچام و لەو دۆزەخەدا بەهرەی شـیـعـرم پشکووت. ئیـتـر لەو رۆژەوە من کـڵـپـەیەکی ئەو مێژووەم، ئازارێکی ئەو جەستەیەم. جا من کە لە منداڵییەوە ئاوا هاتبم. دیارە ئەم خۆشەویستییە وەختیّ لەگەڵ بەهرەی شیعردا باوەش دەکەن بەیەکدا بێگومان جیهانێکی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن! نازانم ئەو بوونەم هەمووی کردبیّ بەشیعر.. باوەڕ ناکەم بەڵکو ئەوە تەنیا بەشێکی کەمی ئەو تراژیدیا گەورەیەیە کە ئێمە دەستی لەرزۆکمان بۆ بردووە. نا، کارەساتەکان ئەوەندە باڵای ئازاریان بەرزە شیعری ئێمە ناگەنە قولەپێیان. بەهەرحاڵ بەهرە و شیعر دووانەی ژیانی میللەتەکەم و خۆیشمن. لەیەکتری دانەبڕاون. ئەگەر ئەویان

"کارەساتەکان ئەوەندە باڵای ئازاریان بەرزە شیعری ئێمە ناگەنە قولەپێیان"

"راستە من لە پێشدا گۆرانی بۆ خۆم دەڵێم، بەڵام "خۆیشم" ئەوانی ترە. من تۆم لە فۆرمێکی تردا"

"گەورەترین سەنتەری تەمەن و رابردوو هەمیشە رەگەکانی لە خەونی منداڵیدا دەدۆزێتەوە"

دەستە چین بوو بێ ئەمیان ئاگر بووە یان بەپێچەوانەوە.

بەشێکی زیندوو لە پێکهاتەی هەر مرۆڤێ دەوروبەرە. زمان و مێژووە و یان پێکهاتەی ئەو خێزانەیە کە چاوی تێدا دەکاتەوە. راستە من لە پێشدا گۆرانی بۆ خۆم دەڵێم، بەڵام "خۆیشم" ئەوانی ترە، من تۆم لە فۆرمێکی تردا. ئەم مێژووە هەموومانی لە خۆیدا تواندووەتەوە. "ئازار" دایکی هەمووومانە. شیعری منیش ئاوێتەی ئەو ئازارەیە کە ناوی کوردە. من ئەگەر کوڕی "بێکەس" نەبوومایە رەنگە ئەو خۆشەویستییە بەجۆرێکی تر دەرکەوتایە. بەهەرحاڵ گەورەترین سەنتەری تەمەن و رابردوو هەمیشە رەگەکانی لە خەونی منداڵیدا دەدۆزێتەوە.

*** فراوانترین کێڵگە لە تەواوی شیعری کوردیدا کێڵگەی تۆیە. پۆستەرە شیعر، باڵادە شیعر، داستانە شیعر، شیعری درێژ، شیعری کورت، چیرۆکە شیعر، شانۆنامە شیعر، شیعری کراوە... تاد.**

**ئایا لە رووی هونەرییەوە لە هەریەک لەم کێڵگانەدا توانیوتە هەقی هونەرییان بدەیتێ؟**

– هەر وەکو زۆر جاری تریش وتوومە. لە ئەزموونی شیعری خۆمدا نەمویستووە یان حەزم نەکردووە چەقبەستووی ناو تاقیکردنەوەیەکی یان تاقە رەنگێک بم. من تەیرێکی شیعریی بزۆز بووم. بەتەنیا باخچەیەک دڵم ئاوی نەخواردووەتەوە. تەنیا سەرچاوەیەک تینوێتی نەشکاندووم. بۆیە هەمیشە لە سەفەردا بووم. هێلانەم لە ناو هەموو جوانییەکاندا داناوە. لەبەرئەوە وەک دەبینی دنیای شیعرم رەنگاڵەیە نەک هەر وەک فۆرم بەڵکو وەک ناوەرۆک و ژیانیش. لە راستیدا شیعر گەردوونێکە بۆ خۆی. دەتوانی جێگەی سەدان و هەزاران وێنەی تێدا بکەیتەوە. دەتوانی وەک "سندووقی دنیا" لەوێوە تەماشای زەمانی بەسەرچوو و زەمانی داهاتوویش بکەیت. "شیعر خەیاڵە لە بەرزترین فڕینی خۆیدا. خەیاڵیش سنوورێک ناگرێتە خۆ". زمانی شیعر زمانی هەور و باران و هەتاو و زمانی ژیان خۆیەتی. ئێمە لەو قودرەتە گەورەیە تەنیا بەشێکی زۆر کەممان بەکارهێناوە. بەڵام مەرج نییە لە هەموو ئەو زنجیرە هەوڵانەدا توانیبێتم چوون یەک سەرکەوتوو بووبم. سەرکەوتن بەمانای ئەوەی هەر هەموویان بووبن بەشیعر. نا، نە لە هەموو هەورێ باران دەبارێ و نە لە هەموو بەهرەیەکیش داهێنان. وەلێ "نەپساومەتەوە" خۆشەویستیم تووشی شکستی و

ساردبوونەوە نەبووە. بەکورتی لە هەوڵدان نەکەوتووم. چاویشم هەمیشە هەر چاوێکی کراوە بووە. ڕەنگە شەوارەیش کەوتبم بەڵام لە باڵگرتن نەکەوتووم. عاشقێک بووم هەمیشە بەدوای شیعرەوە بووم. تا ئەم دەقیقەیەش من لە میزاجی شیعر نەگەیشتووم کەی دێت و کەی نایەت؟! هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو نە یەک ناونیشانی هەیە و نە یەک نیشتمان. ئەو لە هەموو شوێنێکە و لە هیچ شوێنێکیش نییە. جاری وا هەیە لە کورتە شیعرێکدایە. جاری وا هەیە هەناسەی درێژی تەواو نابێت. شیعر قاڵبێکی نییە ئەو خۆی مەوداکان دەستنیشان دەکات. من ئەگەر بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە چەند جارێکیش دڵی شیعرم خۆش کردبێ ئەوە بۆ من مایەی زیندوویەتی دوای مردنیشمە!

*** بەشێک لەو شاعیرانەی هەڵبژێردراون بۆ نۆبڵ، یان خەڵاتەکەیان وەرگرتووە. ئەگەر بەراورد بکرێت بەداهێنانی تۆ. ئەوە بێ هەموو گومانێک تۆ لە پێشەوەی هەندێکیانەوەیت. ئایا کە تۆ تا ئێستا هەڵنەبژێردراوی هۆیەکە بوونی کورد و نەبوونی دەوڵەتی کوردییە، یان شتی تر. ئایا خۆت بۆچوونت بەو دواخستنەی ناوی خۆت چییە؟**

– من بڕوام بەو قسەیە زۆرە کە دەڵێت: هەتا زۆر بزانیت تێ دەگەیت کە کەم دەزانیت! من بۆیە لەناو کورددا پێم دەڵێن شاعیری گەورە چونکە کەمتر ئاگامان لە شاعیرانی گەورە و ئەدیبانی گەورەی دنیایە من لە ڕێی خوێندنەوەوە تێگەیشتووم کە ئێمە لەچاو ڕووناکبیرە گەورەکانی دنیادا

**"من ئەگەر بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە چەند جارێکیش دڵی شیعرم خۆش کردبێ ئەوە بۆ من مایەی زیندوویەتی دوای مردنیشمە!"**

**"لەناو کورددا پێم دەڵێن شاعیری گەورە چونکە کەمتر ئاگامان لە شاعیرانی گەورە و ئەدیبانی گەورەی دنیایە"**

**"خەڵاتی "نۆبڵ" یش بیەوێ و نەیەوێ ناتوانێ خۆی لە خومخانەی سیاسەت بەدوور بگرێ!"**

چەندە بچووکین تۆ بۆ خۆت ئازادی چۆن بیر دەکەیتەوە یان من چۆن دەبینیت وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەیە من هەرگیز خۆم ناخەڵەتێنم. ئەمە تەوازع و سادەیی نییە بەقەدەر ئەوەی حەقیقەتە. دەشێت لەناو ئەزموونی شیعری کوردیدا جێ پەنجەیەکم هەبێت یان ڕێچکەیەک بۆ تاقیکردنەوەی خۆم کە چل ساڵێکە عاشقی ئەم زمانەم و کەم تا زۆر شتێکم کردبێ. بەڵام کاتێ بێینە سەر بەراورد و جیاوازییەکان لەگەڵ ئەو بلیمەتانەی دنیادا زۆرن. بەهەرحاڵ من بۆ خۆم بیرم لەم خەڵاتە گەورەیە نەکردووەتەوە، چونکە دەزانم بەر لە من و نموونەی من لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەندە باڵای گەورە و قەڵەمی گەورەی تر هەن کە ئێمەومانان لە چاویاندا بستەباڵاین.. تۆ ئەگەر بۆ مەسەلەی ئەم هەڵبژاردنە واز لە من بێنیت و بەشێوەیەکی گشتی تەماشای ئەم خەڵاتە بکەین. هەرگیز لە کاریگەریی سیاسەت و سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدەر نییە. هەموو شتێ لەم ڕۆژگارەدا ئەو کاریگەرییەی بەسەرەوەیە. بێگومان کە دەوڵەتت نەبوو بەتەواوی ناناسرێیت ناتوانی سنوورەکان بشکێنی و بگەیتە ئەکادیمیای سویدی. فراوان بڵاو نابیتەوە لە تەیرێکی ناو قەفەز دەچیت کە هەر بۆ خۆت دەخوێنیت. بۆ نموونە من لەو بڕوایەدام ئەگەرچی نەجیب مەحفووز ڕۆماننووسێکی گەورەی میسر و عەرەبە، بەڵام ئەگەر سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە و پەیمانی کامپ دیڤید و زۆر شتی تر نەبوایە خەڵاتی نۆبڵی وەرنەدەگرت. دیسانەوە دەڵێم ئەمە بۆ کەمکردنەوە نییە لە توانای گەورەی نەجیب مەحفووز. خەڵاتی "نۆبڵ"یش بیەوێ و نەیەوێ ناتوانێ خۆی لە خومخانەی سیاسەت بەدوور بگرێ!.

*** زمان بنەمای سەرەکی شیعر بەتایبەتی و دەقی ئەدەبی بەگشتییە، زمانی کوردی زۆر دیالێکتی لێ دەبێتەوە و ڕووبەرێکی فراوانی هەیە. ئایا تۆ توانیوتە وشە و دەستەواژەی زۆرینەی دیالێکتەکان لە ناو شیعری خۆتدا بەکار بهێنیت؟**

– نا من نەمتوانیوە سوود لە هەموو شێوەزارەکانی کوردی وەرگرم. ئەمەیش بەیەکێک لە نوقسانییە دیارەکانی خۆم دەزانم. بەڵام لە هەمان کاتدا شێوەی نووسینی من هەر دیالێکتی شێوەی سلێمانی نییە. بۆ نموونە من سوودێکی زۆرم لە شێوەزاری موکریانی وەرگرتووە کە بەلای منەوە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە ڕوونەکان و پوختەکانی زمانی کوردی. لە زۆر شیعر و پەخشان و نووسینی خۆمدا لەو گەوهەری وشانەم وەرگرتووە و

بەلام لە دارشتنەوەیەکی تردا لەگەڵ ستایلەکەی "زمانی خۆمدا" تواندوومەتەوە!. تۆ ئەگەر سەرنج لە قەسیدە درێژەکانم بدەیت وشە کوردییە رەسەنەکانی ئەم شێوەزارەی موکریان وەک بڵـێین بەسـەر و مل و ژێرچەنەی ئەو شـیـعـرانەوە دەبینی. هەڵبـەت ئەم دەست بۆ بردنانەم وەک مـوتوربە بەکـارهێناوە. هەروەها بەشـێک لە پەیڤ و وشـەی شـێـوەزاری کرمـانجی ژوروو. کەرەسـەی شیعر لە خشتی وشـەوە دەست پێ دەکات، یان بەجۆرێکی تر "سامانێکە" کام شاعیر و نووسـەر توانیی بەباشی دەستیـان بۆ بەرێ و لە جێگەی شیاوی هونەریی خۆیاندا جێگەیان بکاتەوە ئەوەیان "دەوڵەمەندی زمانە"!. لە راستیدا من زۆر جار قاموسـەکان دەخوێنمەوە بەتایبەتی کوردی – کوردی ئەم خوێندنەوەیە بەدەیان وشـەی تازە و بەکارنەهاتوو لە قوڵایی ناخمدا جێگیر دەکات یان لەناو بیرەوەریمدا وەک گەرا دایان دەنێت و دواتر ئەم گـەرایانە دەبنە ماسی و دێنە ناو دەریاچەکەمەوە. بەڵێ زمان دەریاچە یان زەریایەکە کە شاعیر و نووسەر لەو ئاوی دەسەلاتەوە هێزی داهێنان وەردەگرن. وەک سـەرئەنجـامـیش هەر زمـانـی چڕوپڕ و وشـە و دەسـتـەواژەی زۆرن کـە شـاعـیـرێکی کـەم دەسەلات لە شاعیرێکی داهێنەر و بەتوانا جیا دەکەنەوە.

*** کـۆمـەڵێک رەگـەز هەن لە نـاو دەقی والا پێوەندی دەبەستن کـە بەرێزت لە ئەزموونی ئەم ساڵانەی دواییتدا دەقی والا بەرهەم دەهێنیت. پێوەندییەکانی ئەم رەگـەزانە چۆن لێک دەدەیتـەوە، یان ئەم رەگـەزانە چۆن دێنە ناو یەک و دەبن بەپێکهاتەی دەقی والا؟**

– شیـعر روو لە دەقی والایە چونکە بێ سنوور ئاسـۆکانی داهێنانی لەبەردەمدا دەکاتەوە و لە هەمـان کاتیـشدا زمـانە تایبـەتییـەکەی خۆی لە دەست نادات. مـەبەست لە دەقی والا چییە؟! واتە ئەو تێکستـە ئەدەبییەی خۆی بەیەک رەگەزی ئەدەبییەوە نابەستێتەوە و لە یەک کـاتـدا "مـاڵەکـەی" بۆ هەمـوو ژانرەکـانە. ئەم ئـەزمـوونە لای مـن لە "دەربەندی پەپوولە"وە دەسـتی پێ کـردووە و بەلام لە بـەرهـەمـەکانی دواییـدا لە "کـورسـی و ملوانکە"دا بەتەواوی رەنگیـان داوەتەوە. تۆ لە "کورسی"دا یان "ملوانکە"دا هـەر شیـعر نابینی. بەڵکو چیرۆک و پەخشـان و شـانۆنامەیش تانوپۆی تری ئەم دەقـەن و وەک خۆیان دەیانبینی و لە شـوێنێکدا "گێڕانەوە" دەنگی زاڵە و لە شـوێنێکی تردا شیـعری پوخت و لە بوارێکی تردا دیالۆگەکـانی شـانۆ و هـەروەها پەخشـانـە شیـعر. بەلام ئەم چینانە هـەرەمـەکی نـین و لە یەک بۆتەدا وەک

سـەرئەنجـام هـەر هەمـوویان لەناو یەکـدا دەتوێنـەوە و یەک دەقی ئەدەبی دروست دەکەن. دەقی والاّ ئازادییـەکی رەهای تێـدایە. رەنگینـە و رەش و سـپی نیـیـە. زمـانی مـەجـازە و لەهەمان وەختدا زمـانی مەنتیق و عەقڵیشە. سەفەرێکە یەک رێگەی راستەوڕاستی نییە، یەک وێستگە و یەک شار و یەک مـەنزڵی نییـە. هەمـوو چێژەکانە هەمـوو جوانییـەکانە هەمـوو ئاوازەکانە وەلێ لە تەوەرێکی سـەرەکیدا یەک یەکتری تەواو دەکەن. شـیـعر شـوێنی خـۆی دەدۆزێتـەوە، هـەروەهـا چیرۆک مـەنتـیقی خـۆی. بەرهـەمی هـەمـوو کـەناڵەکـانە. ئەگـەر بشـێ بڵێم دنیـایەکە چەندین دنیـای تری لە خـۆ گرتووە. بەکورتی ئەوەی بەشـــیـعـــر نـاوترێ بەرەگـــەزێکی تر دەوترێ ئەوەی چیرۆک ناتوانێ پەی پێ بەرێ شـانۆنامە دەیبات و تا دوایی. لێـرەدا بەتەنیـا بەهرە و ئیلـهـامی شـیـعری دەرەقـەت نایەت بەڵکو سنعـەتی شیعری و ئەدەبیشـیان پێویستـە. بەهەرحاڵ ئەزمـوونێکە و گـوڵدانێکی گـەورەتر بـۆ هەمـوو گـوڵەکـان. بەداخـەوە رەخنەی کوردی تا ئێسـتـا ئاوڕی جیدی لەو دەقـە والاّیانە نەداوەتەوە. دوو سـاڵ زیاترە لەم جۆرە دەقـە والاّیانە یان ئاوێتانەم نەنووسیوە، نازانم کەی دەگەڕێمەوە بۆ لای!

> لـەم جوگرافیا دژوارو ئاڵۆزەی کوردسـتـاندا کەرکووک هـەمیشـە قـوربانییـە گـەورەکـەی ئێمـە بووە

*** کـەرکـووک وەک شـارێکی کـوردی لە رووی ویژدانی و شـیـعـرییـەوە چی دەگـەیەنێت، رەنگدانـەوەی لەسـەر باری دەروونی و شـاعـیـریـەتیت بـەدرێژایی مـێـژوو چۆن کەوتووەتەوە؟**

> ئەوەی شـاعـیریش پێـی دەکرێ هـەر ئەوەیە راسـتگۆیانە گۆرانی بۆ خۆشـەویسـتییـەکەی خۆی بلێ!

– لە تەمـەنی هـەرزەکارییـەوە، تەنانەت لە شـیـعـرە کـاڵ و کـرچەکـانی سـەرەتایشـدا من هـەر "کـوردسـتـانیـانە" بیـرم کردووەتەوە خۆشـەویسـتیم شـوێنی بەیەکگەیشـتنی هەمـوو



"لە رۆژگاری ئەمڕۆدا
ئەوەندە باڵای گەورە و
قەڵەمی گەورەی تر
هەن کە ئێمەومانان
لە چاویاندا
بستەباڵاین"

"زمانی شیعر زمانی
هەور و باران و هەتاو
و زمانی ژیان
خۆیەتی.
نە لە هەموو هەورێ
باران دەبارێ و نە لە
هەموو بەهرەیەکیش
داهێنان."

عەشقەکانی کوردستانی گەورە بووە. سلێمانی و ئامەد و سەقز و کەرکووک و قامیشلی پێکەوە ئامادەییان لە ناو هزر و دڵی مندا هەبووە. ئەو شوێنەی کە داگیرکەران بە"حەرام"تریان زانیوە من زیاترم خۆشویستووە. خۆشەویستی "کەرکووک"یش هەر لەم چاوگەوە هاتووە. من ئەوەندەی لە شیعرەکانما ناوی "کەرکووک" یان "ئامەد"م بردووە، نیو ئەوەندەیش ناوی "سلێمانی"م نەبردووە! لەم جوگرافیا دژوارو ئاڵۆزەی کوردستاندا کەرکووک هەمیشە قوربانییە گەورەکەی ئێمە بووە. لە هەموو شوێنیکی تر زیاتر چاوی دوژمن و داگیرکەرانی لەسەر بووە لە هەموو شوێنیکی تر زیاتریش جێی شانازی

نەتەوەییمان بووە و لانەی کچ و کوڕی ئازا و بوێری مێژوومان بووە. لە ئێستایشدا خۆشەویستیی کەرکووک هەزار داوی بۆ دەنرێتەوە. لە تورکیاوە تا بەغدا، داوەکە درێژبووەتەوە، مێژووەکەی مینرێژ کراوە ئەوەی کە جێی داخی گەورەیە ئێمە خۆمان، ئێمەی ناتەبا و ناکۆک ئەوەندەی تر ئەم خۆشەویستییەمان ئازار داوە و کاری دوژمنمان ئاسانتر کردووە. من پیاوێکی رەگەزپەرست و شۆڤێنی نیم و دەزانم کەرکووک هەر خۆمی تێدا ناژیم و شاری فرە نەتەوەیە. دەزانم ئەگەر غەدر لە مافی نەتەوەیەکی تر بکەم درۆیش لەگەڵ کورددا دەکەم. بەڵام کەرکووک چەند رەنگی جیاوازیشی تێدا بێت رەنگدانەکەی هەر کوردستانە. غەدری گەورە لە کوێ بێت شیعری منیش لەوێیە و لەمڕۆیشدا کەرکووک بۆ من و شیعری من ئەو ئازارەیە کە چارەنووسمی پێوە بەستراوە. هەر لەبەر ئەوەیشە عەشقەکەی گەرم و ئاگراوییە. ئیتر ئەمە ئەزموونی منە بەهەڵکشان و داکشانەوە و کەرکووکیش لەم ئەزموونی شیعرەدا "شابەیت"ی خۆشەویستییە هەرە گەورەکەیە. ئەوەی شاعیریش پێی دەکرێ هەر ئەوەیە راستگۆیانە گۆرانی بۆ خۆشەویستییەکەی خۆی بڵێ!

*** داهێنەران وەک: ئەزموون و تەمەن، کە دەگەن بەئاستێک هەڵبژاردەیەک لە بەرهەمەکانیان دەکەن بەکتێبێک، ئەو کتێبە دەبێتە ناسنامەی هونەری ئەو داهێنەرە. ئایا هەست ناکەیت ئەم هەڵبژاردەیە بۆ ئێستای بەڕێزت پێویستە، کەمێکیش دواکەوتووە؟**

– بەر لەو هەڵبژاردەیەی تۆ باسی دەکەیت کە دیارە دەبێتە سەرتڵی شیعرەکان هەرچەندە ئەو هەڵبژاردنە بۆ خۆم کارێکی ئاسان نییە و کەسانی تر بیکەن باشترە. بەر لەوە من ئێستا سەرقاڵی کۆکردنەوە و چاپکردنی کۆی بەرهەمەکانم ١٩٦٨ – ٢٠٠٨ واتە ئەزموون و تەمەنی چل ساڵی شیعر نووسین. بەنیازیشم بەکوالیتێکی باش و نایاب و رەنگە لە دەرەوەی وڵات بەچاپیان بگەیەنم بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەم کۆی بەرهەمانە بەهەشت بەرگ چاپ دەکرێن و هەر هەشت بەرگەکەیش دەخرێتە ناو یەک پاکەت یان یەک جانتاوە و دەفرۆشرێن واتە پێکەوە نەک بەرگ بەرگ. بێگومان دەمتوانی ئەو شیعرانەی کە خۆم لێیان ناڕازیم و رەنگە کەمیش نەبن، لەم کۆی بەرهەمانەم دەرهێنایە بەڵام ئەوەم نەکرد بۆ ئەوەی چیم کردووە و کورد وتەنی "بەتاڵ و کرمێوە" هەر هەموویان بخەمە بەر دەست. ئەلبوومێکی گەورەیە و هەموو وێنەکانی شیعری منی تێدایە. جا ئەگەر وێنەی وایشی تێدابێ کە خۆم لە شیعردا پەسەندیان نەکەم با هەر بمێننەوە چونکە بەجوان و

ناشیرینەوە هەموویان هەر منن. ئومێد دەکەم بەر لە کۆتایی ٢٠٠٩ بڵاو بکرێتەوە و بکەوێتە بازاڕەوە.

*** هەندێک ناوی ئەدەبی سمبولی هەن لە وڵاتان. باڵیۆزخانەکان کاریان بۆ دەکەن لە رووی بەناساندنیان و ریکلام بۆ کردنیان، کورد ئەمەی نییە و چۆن بتوانین سمبول و گەورە قەڵەمەکانی خۆمان تێکەڵی ئەو فەزایانە بکەین؟**

– دیارە ئەم پرسیارە دەبێ بەرەو رووی وەزارەتی رۆشنبیری و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. لە راستیدا ئێمە تا ئێستا هیچ جۆرە بەرنامەیەکمان نییە تا ئەم کارانە ئەنجام بدەن. رەنگە دوا شتیش کە سیاسییەکانی کورد بیری لێ بکەنەوە ئەمە بێ کە تۆ دەیڵێی! ئەمانەیش وەک زۆر کێشە و پرۆژەی تر تووشی بنبەست بوون و ئەم هاوار و داوایەی تۆیش بەداخەوە پێ دەچێ هەر (با) بیبا و هیچی تر. بەداخەوە.

**حەڤدە ساڵە**

**لەمبەر و ئەوبەری جادە**
**مێروولە ریزیان بەستووە و**
**کەوتوونەتە چەپڵەلێدان**
**بۆ ئەو کیسەڵە خێرایەی**
**حەڤدە ساڵە بەڕێوەیە و**
**مژدەیەکی کەسک و زەردی**
**لە راپەڕینەوە پێیە و**
**هێناوێتی وەختێ گەیشت**
**بیدا بەخەڵکی کوردستان!**

## کچێکی جوان



ژمارەی تەلەفۆنەکەی دا بەباخێ
بۆ ئەوەی وەختێ شیعر هات
بۆ پیاسەکردن لەناویا
تەلەفۆنێکی بۆ بکات
هەتاکوو بێ!
ڕۆژێ شیعر
دەمەو عەسر هات بۆ پیاسە
بەڵام باخچە
ژمارەکەی لێکەوتبوو
چەند خۆی گەڕا
گیرفانی لق.. گیرفانی چڵ
بێهوودە بوو... نەیدۆزێوە!
تا "با" وتی:
من ئەو ڕۆژە چاوم لێبوو
ژمارەکان کە لە تۆ کەوتنە خوارەوە
لە دواییدا یەکە یەکە
لەو گوێ ئاوە
بەڕیز هەموویان بوون بەگوڵ!